# ڕۆژی 10-6-2007 ڕۆژی تۆڵەی ئەنفال " ڕۆژێکی مێژوییە لە دیرۆکی نوێی کورددا !

عەلی مەحمود محەمەد

ئەنفال ئەو کارەساتە گەورەیەیە , گەورەترین غەدری لە لایەن نەتەوەکەی خۆیەوە لێکرا , چ لەسەرو بەندی ڕوداوەکە , یاخود دوای ئازاد بوونی کوردستان لە پاش ڕامالێنی سوپای داگیرکەر لە کوردستان بە دوای ڕاپەڕینە پڕ شکۆکەی بەهاری 1991 .

لەسەروبەندی ڕودانی ئەو کارەساتە کە زیاتر لە 195 ڕۆژی خایاند , لە هەموو پرۆسەیەکی پێشتر جەماوەری دەڤەرەکان ئاگادارکرانەوە لە هێرشەکان , ئەو هەموو مەتەریاڵە مرۆییە لە تاوان لە بەردەستدا بوو , نەتوانرا وێنەیان بگرترێت لە لایەن پارتەکانەوە بە تایبەت هەردوو پارتە گەورەکە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بە دۆکۆمێنت بکرێن , کامیراوان بۆ داگیرکردنی ڕەبایە دابیندەکرا , بۆ نموونە بە بەرچاوانەوە سەدان هاوڵاتی گۆپتەپە لە گازی ژەهراویدا خنکێنران , کەسێك نەبوو وێنەیەکیان لێبگرێت , تاکو ئێستا وەك هەڵبجە ببێتە ناسنامەیەك بۆ نەتەوەکەمان ؟ , هەزاران گوند بە بەر چاومانەوە خاپوور کران , وێنەی دوو لمۆزی شۆفەڵمان نەگرت , لێ وەك بینیمان گرتنی وێنەی ڕەبایە سەربازییەکان چوونە مێژوییەکی لە بیرچووەوە , کەچی ئەگەر ئەو تاوانانە وێنەیان بگرترایا , بۆ هەتا هەتایە بە زیندویی لە یاداوەریمان دەمانەوە و دەبوونە بەهاترین چەکی پارێزگاریلێکردنمان لە هەمبەر دوژمنان .

لە دوای ڕاپەڕینەوەش تاکو ناوەڕاستی نەوەدەکان تاك و تەرا بە گروپی بچووك لە چوارچێوەی گەرمیانا کارەساتی ئەنفال یاد کرایەوە , ئەوەی دەسەڵاتداران بیریان لێنەکردەوە ئەنفال و یاداوەری و شوێنەوارەکانی بوو , گەورەترین هەنگاو بۆ بەمێژووکردنی ئەنفال , ئەوەبوو لە لایەن دڵسۆزانەوە 14-4 دیاریکرا بە ڕۆژی ئەنفال , بوونی ڕۆژێك بۆ هەر دیاردەو کارەساتێك ئەوا ئەو کارەساتە لە زیهنو ویژدانی ئەو گەلە بۆ هەتا هەتایە بە زیندویی دەیهێڵێتەوە .

ئێستا بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێی نەتەوەکەمان , کەسانێك سەرکردایەتی کۆمەڵکوژی گەلەکەمانیان کردووە, ئەمڕۆ لە پای تاوانەکنیان دادگایی دەکرێن , بە تایبەت لە لوتکەی دەسەڵات بوونە , هەرچەندە نابێت دادپەروەری پارچە پارچە بکرێت , پێویستە دەستی دادپەروەری هەموو لایەك بە یەکسانی بگرێتەوە , ئەوانەشی دادگایی نەکراون لەو پرۆسەیە , دەبێت دادگاییبکرێن و پرۆسەی دادگاییکە درێژە بکێشێت لە دوای 10-6-2007 .

لە ڕۆژی یەکشەممە 10-6 دوا بڕیار دەردەچێت لەسەر دۆزەکە , خودی بڕیارەکە لەبەر ئەوەی :

- تایبەتە تەنها  بە دۆزی ئەنفال  .
- لە لایەن دەوڵەتی بکەرەوە دەردەچێت .
- یەکەمجارە کەسانێکی دەسەڵاتدار , سەر بە نەتەوەی سەردەست , لە ئەنجامی ئەو تاوانانەی لە هەمبەر کورد کردویانە , دەستی دادپەروەری دەیانگاتێ .

بۆیە ئەو بڕیارە کە دەردەچێت  , هەرچەندە بە پێی بارستایی و دلڕەقی و ئاستی  تاوانەکە نابێت  , وەلێ بۆ کورد زۆر  گرنگە , هەر بەم هۆیەوە دەبێت ئێمە بە یەکێك لە ڕۆژە گرنگەکانی مێژووی نەتەوەکەمانی دابنێین و بە شەوقەوە  بەرەو پیری بچین و خۆمانی بۆ سازو ئامادە بکەین  , لە کاتی ئەگەری  بڕیاری خراپیشدا بە هەموو هێزمانەوە بەرەو ڕوی بوەستینەوە و ڕەتی بکەینەوە .

هەروا  لە کاتی ڕازیبونمان بە بڕیاری **6–10** " هەرچەندە بڕیار هەرچییەك بێت , لەبەر ئەوەی کەسەکان وەك کەس دادگایی کراون  نەك وەك دەوڵەت , بۆیە بڕیارەکە بە ئاستی گەورەیی تاوانەکە نابێت "  پێویستە لە هەموو کوردستان بە تایبەت ناوچەکانی قوربانیان ببێتە گۆڤەندی تۆڵە , گۆڤەندێك سەرێکی لە مەشرەق بێت و سەرەکەی دی لە مەغریب  , ئاخر چ گەلێك هەبووە لە سەر ئەم گۆی زەوییە  لە ڕۆژی تۆڵەی خۆیدا شایی و گۆڤەندی بێ ئەمسەر و ئەوسەری  نەگێڕابێت  , لەمەش زیاتر تۆڵەی قرکردنی 5٪ هاوولاتیانی بێت , تۆڵەی ئەو کەسانەمان بێت بە ناڕەواترین شێوە لە عەزابی ئەبەدیدا نرانە ژێر لمەوە  , دە گەلۆ هەموو پێکەوە با بەرەو گۆڤەندی سەرانسەری  ڕۆژی **6–10** ڕۆژی تۆڵەی ئەنفال بچین .